# نامەیەك بۆ خوشكێكی خەمبار

[ كردي – كوردی – kurdish ]

احسان بورهان الدين

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ رسالة إلى أخت مهمومة ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# نامەیەك بۆ خوشكێكی خەمبار

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی پشتگیری چاكەكارانەو ، سۆزو رەحمەتی خوای گەورەش لەسەر پێشەوامان موحەممەد و یارو یاوەران و شوێنكەوتوانی بەگشتی:

ئەمە نامەیەكە دەینێرم بۆ خوشكێكی خەمبار ، بۆ خوشكێك كە هەست بە بێزاری و بێ هیوایی دەكات و وادەزانێت دەرگاكان لە روویدا داخراون ، نامەیەكە بۆ ئەوانەی پەرداخی تاڵییان چەشتوەو هەواڵی چاوەروانكراوی خۆشیان دواكەوتووە ، یان نەخۆش و دڵتەنگ وبیمارن ، بۆ هەموو خوشكێك كە دەناڵێنێت بە دەست ستەمی جوارەو جۆرەوە ، ئەم نامە دەنووسم:

خوای گەورە فەرموویەتی فەرموودەشی راست و حەقە:{ قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُمْ مِنْهَا وَمِنْ كُلِّ كَرْبٍ }الأنعام/٦٤ هەروەها فەرموویەتی: { أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ } الزمر/٣٦.

خوشكی بەرێزم: لە وشەكانم تێبگەو، وەربگێرە سەر زەمینەی واقیع، با شتە پووچەكانی ئەم دونیایە داتنەبەزێنن بۆ نزمایی ، ئارام بگرەو با ئارامگرتنیشت لەبەر خوای گەورە بێت، بە ئازایی پێشوازی لە ناخۆشی و ناسۆری بكە ، ئارام بگرە جونكە پەروەردگارمان فەرموویەتی:{ وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ } النحل/١٢٧ ، هەروەها خۆشەویستمان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی:( إن الله إذا أحبَّ قوماً ابتلاهم) إسنادە جید ، هەرچەند دەردەسەری ونەهامەت رووی تێكردی و رێگاكەت تاریك بوویەوە هەر ئارام بگرە، چونكە لە دوای هەموو ناخۆشییەكەوە خۆشییەك دێت،{ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا }الشرح/٦.

ئەی خوشكی ئازیز: خاوەن پەژارەو خەفەتبار هاوار بۆ لای كێ دەبات؟ لێقەوماو هانا بۆ لای كێ دەبات، هەموو بوونەوەر روو لە كێ دەكەن؟ تەنها رووله خوای تاك و تەنیا دەكەن، حەقە لەسەر من و تۆ لە خۆشی وناخۆشیدا هاواری پێ بكەین و خۆمان فرێدەینە بەر دەرگاكەی و لێی بپارێینەوەو بگرین و بگەرێینەوە لای ، {أَمَّنْ يُجِيبُ

الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ}النمل/٦٢، خوای گەورە نزیك و بیسەر و وەڵام دەرەوەیە، ئەی خوشکی خەفەتبار دەستت درێژکەو زمانت ئازادکەو مکوری لە داواکردندا بکەو دەرگای لە هەموان بەبەزەییتر بەرمەدە،چاوەڕوانی لوتف و میهرەبانی ئەو بە.

ئەگەر دووچاری ناخۆشی وستەمی پیاوان بوویت ، ئەگەر لە کارەکانتدا سەرکەوتوو نەبووی ،ئەگەر هەر کێشەیەکت تووش بوو هەستت کرد چارەسەری لە تواناتدا نییە، توورە مەبە و بۆڵە مەکە و کارەساتەکە قورستر مەکەرەوە لە سەر باوك و کورو برات، بەڵکو بڵێ سوباس بۆ خوا، قەدەری خوای گەورە یەو هەرچی بوێت ئەنجامی دەدات،{ مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا}الحديد/٢٢، هەروەها پێغەمبەری خۆشەویستمان موحەممەد صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:( عجبا لأمر المؤمن .إن أمره كله خير . وليس ذاك لأحد إلا للمؤمن . إن أصابته سراء شكر . فكان خيرا له . وإن أصابته ضراء صبر . فكان خيرا له) رواه مسلم.

کەواتە خۆت بە دەستی قەدەرەوە بدە و ئاسوودەبە چونکە نارەزایی و توورەبوون لە قەدەری خوا دەرئەنجامی خراپی هەیە، مەڵێ ئەگەر ئاوهاوئاوهام بکردایە وا نەدەبوو، بەڵکو بڵێ :(قدر الله وما شاء فعل).

خوشکی بەرێزم لەوانەیە خەم و پەژارەت بەهۆی بی کاری ودەست بەتاڵیەوە بێت، بەڵام هەمیشە ئەوەت لە یاد نەچێت کە نیعمەتەکانی خوا بەسەرتەوە زۆرن، ئەوەندەت بەسە کە موسڵمان و ئیمانداری ، نوێژ دەکەیت و هەستەکانت کاردەکەن و لە هێمنی و ئاسایشدای، بەستە کە توانای ئیش و کارت هەیە با کارێکی گونجاویشت دەست نە کەوتبێت ، بەستە کە تەندروستیەکی باشت هەیە، تەماشای ئەو کەسەش بکە کە خاوەن هەموو موڵکی دونیایە ، ئایا جگە لە لۆکەو کفنەکەی هیچی تر لە ماڵی دونیا لە گەڵ خۆی دەبات؟

رێگایەکت پآ نیشاندەدەم کە چاکترین رێگایەو ئاواتەکانت دەهێنێتەدی ، دەچیتە لای کەسێك کە خوای سەرۆکەکان و پەروەردگاری وەزیرەکان و خاوەنی دەوڵەمەندەکانە، فەرمانی لە نێوان کاف و نوندایە:{ إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ } يس:٨٢ بەڵام پێش ئەوەی بچیتە لای دڵت پاککەرەوەو مەرجەکانی وەرگیرانی نزاو پارانەوە لە خۆتدا درووست بکەو بیچەسپێنە، چونکە خوای گەورە نزا لە خاوەن دڵی بێ ئاگا وەرناگرێت، مەرجی خواردن و خواردنەوەی حەڵاڵ لە خوتدا وەدی بهێنە، چونکە کەسی حەرام خۆر خوای گەورە نزای وەرناگرێت، پاشان بەتەنیاو لە ناو جەرگەی شەودا، لەو کاتەی کە خەڵکی لەدەریای خەوتندا نقوم بوونە، بەڵام

هەڵسوڕێنەری زەوی و ئاسمانەکان نەخەوتووە بانگ لە بەندەکانی دەکات، بانگ لە لاوان وژنان وپیاوان دەکات: ئایا کەسێك داواکاری هەیە بۆی بەجێبهێنم؟ ئایا کەسێك لێم دەپارێتەوە  پێی ببەخشم؟ ئایا کەسێك داوای لێخۆشبوون دەکات لێی خۆشبم.

بەڵێ ،خوای گەورە نەبوو دەردو بەڵای لەسەر ئەییوب لابرد؟ خوای گەورە نەبوو ئاسنی بۆ داوود نەرمکردەوە؟ دەریای بۆ موسا لەتکرد و کاریگەری ئاگری بۆ ئیبراهیم لابرد و مانگی بۆ سەرداری پێغەمبەران کرد بە دوو کەرتەوە، خەڵکی دەرۆنە لای ئەم و ئەو پەنایان بۆ دەبەن وبەشێوەیەکی کردەیی خوا لەبیر دەکەن، هەرچیت هەیە لەم کاتەدا بیخەرە بەر دەستی پەروەردگارت ، یان داواکارییەکانت بەجێدەهێنرێن ، یان بۆت پاشەکەوت دەکرێن بۆ رۆژێك کە زیاتر نیازت پێیەتی و، یان بەڵایەکت بەهۆیەوە لە سەر لادەبات.

ئەی داماو بە دەستی خەمەوە،  لەکاتی دڵتەنگبوون و گیروگرفت و ناهەمواری بارودۆخەکان، پەنا بگرە بە نوێژ:{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ } البقرة/١٥٣.

گەورە و ناودارانی ئیسلام کاتێك دەکەوتنە هەل و مەرجی سەخت و ناخۆش پەنایان بۆ نوێژ دەبرد، خوای گەورەش کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکردن.

خوشکەکەم گومانت نەبێت لەوەی بێ ئاگایی دڵ و بێ تاقەتی و کات بە زایە چوون و دڵرەقی و نەمانی بەرەکەت و زۆریی خەم و پەژارەو ....هەمووی لە تاوان و دوورکەوتنەوە لە یادی خوا درووست دەبن، هەمووومان بە چاکی حەڵاڵ و حەرام دەناسین ، بەڵام  خۆشبەخت ئەو کەسەیە با کاری حەرامیشی کردبێت بەڵام دەستی لێهەڵگرێت، بۆیە بگەرێرەوە لای خواو گوێ لە ئایەتەکانی قورئان بگرە ، چونکە دڵت پر لە هیوا دەکات،{ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ }الزمر/٥٣.

نهێنی ئاسوودەیی و هێمنی داوای لێخۆشبوونە لە خوای گەورە، بروانە پێشەوا (ابن تيميه) کە دەفەرموێت: جاری وا هەیە مەسەلەیەکم لی گیر دەبێت ، منیش هەزار جار  یان زیاتر یان کەمتر دەڵێم:(استغفر الله) ئیتر خوای گەورەش لێم دەکاتەوە.

مژدەت لێبێت خوشکی خەمبار  بە لوتفی نادیاری خواو، ئایندەی پرشنگدار بە یارمەتی خوای بە سۆزو میهرەبان،تاریکی شەو بە گزنگی سپێدە دەرەوێتەوە، مادام مامەڵەت لە گەڵ پەروەردگارتەو چاوت لە دەرگای ئەوە، ئەویش وازت لێناهێنێت و بە دەستی خۆتتەوە نادات ، لە کیتابی خوا دامەبرێ و ئیتر ئومێدی هەموو چاکەیەك بکە،

ئەمە بوو پەیامەکەم بو خوشکی خەمبارم بە هیوای ئەوەم لە نزاو پارنەوەی بێ بەشم نەکات..

بەدەستکارییەوە لە سایتی(صید الفوائد) وەرمگرتووە.